www.kurdistannet.org

10-11-2005 20:18بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

chak_org@yahoo. com

## ڕوونکردنەوەیەک لەسەر دۆزی د. کەماڵ سەید قادر

بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی لە خێزانی د. کەماڵەوە گەیشتۆتە دەستمان، ئەمڕۆ 10-11 توانیوییانە لە زیندانی محەتە لە هەولێر ببینن، شایانی باسە کە شوێنەواری ئەشکەنجە بەسەر جەستەیەوە نەبووە.
لە کاتێکدا ئێمە ڕەخنەی ئەوە لە پارتی دەگرین کە نەدەبوایە بە هیچ شێوەیەك د. کەماڵیان شوێنبزر بکردایە، بە تایبەتیش کە زیاتر لە 48 کاتژمێری بەسەردا چوو و ئەمەش پێشێلکردنێکی ئاشکرای مافی مرۆڤە، لە هەمان کاتیشدا ئەم بینینە بە هەنگاوێك بەرەو باشی دەدەینە قەڵەم کە لە لایەن پارتییەوە نراوە، بۆیە بەم هۆکارەوە ئەگەر پێشێلکارییەکی نوێ بەرامبەر بە مافەکانی د. کەماڵ نەکرێت، هەموو چالاکییەکی تایبەت بەم دۆزە ڕوو لە دەرەوە ڕادەگرین، بەڵام بە ووردی چاودێری دۆزەکە دەکەین، چونکە ئێمە کێشەیەکی پێشوەختمان لەگەڵ هیچ لایەنێکی کوردستانی نییە.
ئێمە وەك (چاك) هیچ نارەزایەتییەکیشمان نییە کێشەکان لە ڕێگەی دادگاوە یەکلا بکرێنەوە، بەم مەرجانەی خوارەوە:

1. هیچ کۆنە بەعسی و فایلدارێك دەعوایان لەسەر د. کەماڵ نەبێت.
2. دادگا بە کردەوە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و هیچ لایەنێکی سیاسی و کەسێك، فشار نەخاتە سەر دادوەر و پرۆسەی دادگاییکردنەکە.
3. هەموو مافەکانی د. کەماڵ لە دادگادا دابین بکرێت و هەموو بوارێك کە بۆ لایەنی بەرامبەر دەرەخسێت بۆ د. کەماڵیش برەخسێت.

هاوکات داوا لە کاك مەسعود بەرزانی دەکەین، بە گیانێکی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە بریاری دادگا و قەبوڵکردنی ڕەخنە مامەڵە لەگەڵ دۆزی د. کەماڵ بکات، ڕێگە نەدات خەڵکانێکی ڕابردوو پیس وەرەقەکان تێکەڵ بکەن.
ئێمە داواکارین، دادگا کراوە بێت بۆ هاووڵاتیان، هاوکات هەوڵ دەدەین پارێزەرانی بێسنوور لەم دادگاییکردنەدا بەشداری بکەن و (چاك) یش پارێزەری تایبەتی خۆی لە دادگادا ئامادە بێت.
هاوکات ڕایدەگەیەنین، هەر پێشێلکردنێکی مافەکانی د. کەماڵ هەست پێ بکەین، یان بەعسی و فایلدارێك دەعوایان لەسەر د. کەماڵ هەبێت، ئەوا چاك ناچارە جارێکی تر چالاکییەکانی دەست پێ بکاتەوە و ئەو ڕەفتارانە لە کوردستان و لە دەرەوە ڕیسوا بکات و هەموو لایەك لەوە ئاگادار بکاتەوە، کە کۆنە بەعسی و سیخوڕەکان لە کوردستان، خەڵکانی ڕابردووخاوێن دادگایی دەکەن.
ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد (چاك).

2005-11-10
www. chak. info
chak_org@yahoo. com